پۆلیسی ئێران: بکوژی سەرکی هونەرمەند داریوش میهرجوویی و خێزانەکەی دەستگیرکرا

پۆلیسی ئێران رایگەیاند، بکوژی سەرکی، دەرهێنەر داریوش میهرجوویی، دەستگیرکردووە، کە رۆژی شەممەی رابردوو، لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بە چەقۆ کوژرا.

ئەمە پێنجشەممە، ئاژانسی هەواڵی تەسنیم لە زاری پۆلیسەوە باویکردەوە، بەهۆی "پشکنینی تەکنیکی و لێپرسینەوە، توانرا بکوژی سەرکی هونەرمەندەکە لێنەو ئەو کەسانەی کە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراون دەستنیشان بکرێت".

پۆلیس ئاماژەی بەوەشکرد، "هەشتا لەکەینەوە بەردەوام بە دەستنیشانکردنی هاوبەشەکانی ئەم تاوانە و دەزینەوەی لایەنە شاراوەکانی".

رۆژی شەممەی رابردوو، هونەرمەندی بەناوبانگی سینەمای ئێرانی داریوش میهرجوویی، تەمەن 83 ساڵ لەگەڵ هاوسەرەکەی، وەحیدە محەمەدی فەر، سیناریۆنووسی تەمەن 54 ساڵ، لە ناو ماڵەکەیان لە کەرەج لە رۆژئاوای پایتەختی ئێران کوژران.

ئاژانسی "میزان ئینلاین" ڕایگەیاند، لە چوارچێوەی لەکەینەوەکاندا، پۆلیس 10 کەسی دەستگیرکردووە، بەبێ ئەوەی وردەکاری لەبارەی پاڵنەرەکانی ئەو کوشتنە بخاتەوە.